# ماکیاژی سادە شیاوترین مۆدە بۆ ڕووخسار

ماکیاژ و ڕەنگ، شێوازێکی تایبەتیان هەیە و لەگەڵ یەکتر دەبن بەهۆکاری تەواوکردنی جوانی یەکتر، چونکە هەریەکە بەبێ ئەوەی دیکە جوانی خۆی لەدەست دەدات، بۆیە دەبێ لەگەڵ یەکتر گونجاو بێ و لەنزیکەوە ئاراستەیەکی دروستیان هەبێ، لەڕێگەی هەڵبژاردنی ستایلێکی ماکیاژ، هەروەها شێوەی ڕەنگەوە، دەتوانین گەورەترین هێمای جوانی بەدی بکەین، لەڕێگەی ئەو لایەنەشدا شێوازێکی تایبەت بەدی دەکەین. مۆدەی ماکیاژ، بەرەو مۆدە سادەکان ڕێگە دەگرن، یان ئەو جۆرە ڕەنگانە بەکاردەهێنرێن کە دیمەنێکی سادە و ساکاریان هەیە، ناکرێ و شایستە نابێ کاتێك ڕەنگی تۆخ لەگەڵ ماکیاژێکی سادە بەکاربهێنین، ئەمەش وادەکات دیمەنی ڕووخسارت شێواو بێ، تەنیا دەتوانین لایەنێك لەبەشەکانی ماکیاژ تۆخ بکەین، ئەمەش وەك هۆکارێك تا تۆخی بەشەکانی دیکە بشارێتەوە، واتە ئەگەر ڕەنگی لێو لەڕەنگێکی تۆخەوە بێ، وا نیشان دەدات کە ڕەنگی ئەساس و پشت چاوەکان، کاڵ بێ، ئەمەش بەماکیاژێکی دروست دادەنرێ، وەك لەم مۆدەیەدا، کە ماکیاژێکی شیاو کراوە، چونکە بەهەڵبژاردنی ڕەنگەکان، ڕێکخستنی ڕەنگی پشت چاو و ڕەنگی ئەساس، تەنانەت تۆخ نەکردنی برۆ، جوانییەکی گەورەی بەخشیوە بەشێوازی ماکیاژەکە، دەتوانن سوود لەدروستی ئەو ماکیاژە وەربگرن بۆ دانانی ماکیاژێکی سادە و ڕەوان.





## ئێکسسواری تۆق

تا چەند گرنگی بەجوانی و شێوازی تەسریحە و بەستن و ڕێکخستنی قژ بدەی، ئەوەندە زیاتر دەبیتە خاوەن قژێکی جوان و ڕێك، بەڵام ئەمەش پێویستی بە ئەرك و ماندووبوون هەیە، چونکە هەر یەکە لەو هەنگاوانەی باسمان کرد، هەر یەکە پەیوەستە بەوەی دیکەوە، کاتێك یەك لەو هەنگاوانە فەرامۆش بکەی، تووشی نا شایستەیی دەبیتەوە لەگەڵ جوانی قژت. یەکێك لەو لایەنە گرنگانەی کە قژ پێویستی پێیە، ئەویش شووشتن و زوو وشککردنەوە و دووبارە تەسریحە دانانە بۆی. بەڵام دواتر کاتێك قژت دەبەستی، ئەگەر بەڕێگەیەکی دروست نەبەسترابێ، بێگومان تووشی هەمان

## شێوازی جلوبەرگ بۆ شازادە بچ

جلوبەرگی خانمان، وەك مۆدەیەکی گۆڕاو و هەردەم بەمۆدەی تازەوە ناوەستێ، بۆیە دەتوانین سوود لەجوانی جلەکان وەربگرین کە بەشێکی گرنگە لەبواری جوانکاری و سوود وەرگرتن لەبەشەکانی جوانیە، وەکو چۆن خانمان پێویستیان بەکاری جوانکارییە و هەمان شێوە بۆ خانمانی بچووك، کە لەگەڵ هەر مۆدەیەکەوە دەبێ شێوازی جۆراوجۆر لەجلوبەرگەکانیانەوە دیار بێ، تەنانەت ئەو شازادانە، لەو جۆرە جلوبەرگە بێبەش نەبن کە بۆیان دیاری دەکرێ لەبواری جوانکاریەوە، بەتایبەتی لەبواری جلوبەرگی ماڵەوە، کە بەشێکی گرنگە لەجوانی و ڕازاوەیی هەر یەکێك لەو جلانەی ئەو شازادە بچووکانە بۆیان دەبێ بریتین لە: بۆدی و بلوزی هاوینە، هەروەها کراس و قاتی تراکسوود، یان ئەو جلانەی لەقوماشەوە دروست دەکرێن







# مۆدەیەکی شایستەی کراسی بووک بۆ وەرزی هاوین

لەگەڵ وەرزی هاوین، گۆڕانکارییەکان بەسەر گشت لایەنەکانی ژیاندا دێ، ئەمەش وادەکات کە خانمان لەگشت ڕوویێکەوە حیساب بۆ لایەنەکانی جوانیی بکەن، خانمان ڕۆژێکی جوانیان هەیە لە ژیانیان، کە ڕۆژێکی پڕ خۆشی و جوانیە، ئەویش ڕۆژی بوونیان بەخانمی بووکە، لەو ڕۆژەدا پێویستە خانمی بووک، گشت لایەنەکانی جوانی لەخۆیدا بەدی بکات، کە لەڕێگەی ئەو لایەنانەوە هۆکارێکی جوان و شایستە دەبێ، بەدڵلەو کراسی بووک هەردەم نمایشێکی جوان بەخۆیەوە دەدات، لەڕێگەی شێوە جوانی و ڕازاوەکەی خۆیەوە دەکرێ سوودێکی گەورەی هەبێ و تەنانەت مۆدەکانی کراسی بووك جیاوازی هەیە لەوەرزێکەوە بۆ وەرزێکی دیکە، لەتازەترین مۆدەی کراسی بووك، کە مۆدەیەکی ناسکە و لەقوماشێکی سادەوە پێکدێ و تەنانەت قوماشێکی لووسی هەیە، واتە لەمۆدەی پێشوودا کە پەڕپەڕ و لوولەی تێدا بووە، ئەو شێوە گۆڕاوە بۆ کراسی سادە و لووس، سەبارەت بەدیزانی کراسەکەوە، لەسەرەوە کراوەیە، واتە بەشی سەرەوەی نییە و تەنانەت لەخوارەوە، بەبێ نەخشەوە دیزاینی بۆ کراوە، ئەمەش وەك کراسێکی سادە دەبێ، تەنیا لەسەر سینگەوە نەخشێکی بچووکی هەیە، ئەوەش بۆ شاردنەوەی شێوەی سینگەوەیە.





## ـــــە بۆ بەستنی قژ

ناشیاوی دەبیتەوە، بۆیە بەستنی قژ، گرنگترین و کۆتایی هەنگاوەکانی جوانی قژە. دەتوانین لەڕێگەی ئێکسسواری تۆقەکانی قژەوە، دوو لایەنی جوانی بۆ قژ دابین بکەین، یەکێکیان: سوود وەرگرتن لەشێوەی بەستنی تۆقەکانی قژ، هەروەها لایەنی دووەمیش سوود وەرگرتن لەجوانی و شێوەی تۆقەکان، کە ئەوانیش دیمەن و جوانی خۆیان هەیە، لەڕێگەی بەستنەوە، دەتوانین جوانییەکی ڕەها بەرپا بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چاکترە ژمارەی ئێکسسواری تۆقە کەم بێ نەوەك ژمارەیەکی زۆر هەبێ و ئیتر کار بکاتە سەر جوانی قژ و ئەو جوانییە سروشتیەی خۆی بشێوێنێت.

## ـــــووکەکان

و دەبن بەیەکێك لەجوانترین جلەکان بۆیان، زیاتر هەوڵبدەن جلی شازادە بچووکەکان ڕەنگاوڕەنگ بێ، تەنانەت بوونی شێوە و نەخش لەسەر جلوبەرگەکانیان، مۆدەیەکی جوان ببەخشێ، دەتوانین لەڕێگەی ئەو جۆرە جلانەوە، ڕێگەیەك لەجوانی و دیمەنێکی ناسکۆڵە بەجەستە و شێوەی ئەو شازادە بچووکانەوە ببەخشین، وەك خانمێکی گەورە دەربکەون و هێمایەکی جوانیان پێوە دیار بێ.





# ڕەشماڵ ماڵی کۆنی کوردان

ڕەشماڵ بەکارهێنراوێکی لەمێژینەیە و مێژوویەکی درێــژی هەیە لەبەکارهێنانــی لەلایەن مرۆڤەوە، ڕەشــماڵ هەر لەســەردەمی خێڵەکــی و ژیانی گەڕۆکیەوە تا ئێســتای شارستانیەت بەردەوامی هەیــە، لەناوچــەی کوردانیش بەهــۆی ژیانی مەڕداری و گواستنەوە و شوێن گۆڕین لەگەرمیان و کوێستان، مەڕدار و کۆچەرەکان بەکاریان هێناوە. ڕەشــماڵ بەچەندین شــێوەو جــۆر و تایبەتمەندی دروست دەکرێت، ڕەشــماڵ لەپارچەیەکی گەورەی چەرمــی پێــك دێــت لەگــەڵ (٤-٨) ڕاگر بۆ قایمکردنــی لەزەویەوە، ئەو پارچە چەرمەش دوو جۆری هەیە یان ئەوەتا لەپێســتەیە یانیش لەموو دروســت دەکرێت لەڕێگەی کــرداری چنینەوە، هەریــەك لەگیرەکانیش لەڕێگەی ســمێکەوە کە پارچەیەکــی تیژی زەوی بــڕە دەچێتە خاکەوەو ڕەشــماڵەکە گیر دەکات، لەئێستادا پێکهاتەی تر جێگەی ئــەو پارچە چەرمەیــان گرتۆتەوە وەك قوماش یان ماددەی نایلۆنی دەســتکرد، ڕەشماڵ سیفەتێکی ســەیری هەیە، کە بەرگەی گەرمی و ساردی دەگرێ، لەهاویندا ژوورەوە فێنك دەبێ و لەزســتانیش ئەگەر ئامێرێکی گــەرم کەرەوە هەبــێ، ژوورەوە گەرم و خــۆش دەبێ، بیرم دێ کاتێك ســەردانی ماڵێکی خزمانــم کرد لەیەکێك لەگوندەکان بوو، ڕەشماڵیان هەڵدابوو، شەوێك لەناو ڕەشماڵ خەوتم، کە خەوێکی خۆش و بەهەوایەکی فێنك و پاکەوە بوو، لەو کاتەش وەرزی بەهار بوو، ژێرەوەی ناو ڕەشماڵەکە تەڕ کرابوو، ئەوەندە زیاتر فێنك و خۆش بوو، لەناو کوردەواری دوو شــوێن هەیە بۆ خەوی خۆش، یەکێکیان خانووی دروست کراو لەقوڕە، ئەوەی دیکەش خەوی ناو ڕەشماڵە.

## موڕەبا چۆن دروست دەکرێت!



**مڕەبا یەکێکە لەخواردن و شــیرنەمەنیە خۆشانەی کــە بەهایەکی پڕ خۆراك و شــیرینییەکی خۆش و ســووکە بۆ خواردن، کە زیاتر لــەوەرزی هاوین لەو کاتەی میــوەکان دەردەکەون، مڕەبا خواردنێکی شیرینە و بەسوودە بۆ لەش، زیاتر بەیانیان دەخورێت و تامێکی شیرین و خۆشی هەیــە، مڕەبــا لەچەندین میوە دروســت دەکرێت وەك: هەنجیر —گێــزەر- پورتەقال- لیمۆ-فراولە-سێو-خورما، بەڵام زیاتریــن و باوترینیــان لەهەنجیرە.**

**شــێوەی دروســتکردنی مڕەبا بەو شێوەیە ئەگەر لەهەنجیر بێ، ســەرەتا هەنجیر دەهێنرێ، لەگەڵ شــەکر و ئــاو، ئەمەش بــەدوو ڕێگــە دەکرێ: یەکەمیان، شــەکر و ئاوەکە دەهێنین دەیخەنە سەر ئاگر بۆ ماوەی (١٠) خولەك، تاوەکو تەواو تێکەڵ دەبێ، پاشــان هەنجیرەکە دەخرێتە ســەر ئەو ئاو و شــەکرەوە، تاوەکو بەجوانی تێکەڵ دەبێ، ئەمەش پێویســتی بە(٢٠) خولەك کوڵاندنە، لەناو کوردان زیاتر هێل دەخرێتە ناو مڕەبا، بەڵام هەیە بەسادەیی تەنیــا لەهەنجیر و شــەکرەوە دروســتی دەکات، ڕێگەی دووەمــی کاتێك هەنجیر دەخرێتە ســەر ئاگرەوە، ئەمەش لەناو هەندێك ئاو دەکرێ، تاوەکو هەنجیرەکە جوان نەرم دەبێتەوە، دواتر شەکر و ئاوی لەســەر دەکرێ، ئەمەش بۆ ماوەی (٣٠) خولەك لەسەر ئاگر دەبێ، دەکرێ دوای ئەوەی ئاوی لیمۆ بخرێتە ســەری، کە دوو سوودی هەیە، یەکێك بۆ توند بوونی مڕەباکەیە، ســوودی دووەمیشــی بۆ خۆشکردنی تامی مڕەباکەیە.**



## سەرچناری سلێمانی لەساڵی ١٩٥٥

مێژووی کوردســتان پڕ ســەروەری و دیمەنی جوان و بیرەوەری و یادەوەری شایســتەی تێدایە، ئەمەش کە لەڕابرووداا ڕۆیشــتووە و بەڵام ئەمڕۆ بۆتە ڕۆژێکی ســەرەوەری و یادگاری پێشوو، وەك دەزانین شــارەکانی کوردســتان، دوێنی و ئەمڕۆ جیاوازیان بەخــۆوە بینیوە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو تازەگــەری و هەنگاوی تازە دەچن، بێگومان کوردســتان لە(٥٠) ســاڵ لەمەوبەر لەگەڵ ئەمڕۆدا جیاوازییەکی زۆری هەیە، ئەم وێنەیە بەیەکێك لەجوانترین و سەیرترین وێنەکانی شاری ســلێمانی دادەنرێ، کە لەساڵی (١٩٥٥) ــەوە گیراوە و تاوەکو ئێســتاش لەلایان ماوە بۆ یادگاری، ئەو وێنەیە لەســەرچنار گیراوە، کە لەســەرەوەی ســەرچنارەوە واتە ئەوکاتە شوێنی وێنەگرتنەکە، سەرەتای چوونە ناوەوەی سلێمانی بووە، کەچی ئێستا ســەرچنار کەوتۆتە ناوەوەی ئەو شارە، بەهۆی فراوانبوون و گەورەبوونی ئەو شــارە، لەوێنەکەدا چەند ئوتۆمبێل دەرکەوتووە و وێنەکــەش لەنێوان وەرزی بەهار و هاوین گیراوە، لەلای دەستە ڕاستی وێنەکە، سەرچنارە و بڕێکی زۆری ئاو هەیە، ئێســتاش هەمان شــوێن بۆتە شوێنێکی گەشتیاری خۆش و تەنانەت بەسەدەها خەڵك سەردانی ئەو شوێنە دەکەن و یادگاری لەو شوێنە گەشتیارەیە تۆمار دەکەن.


# کچێک بەقاچ وێنە دەکێشێت!




ئەوانـــەی بەهرەمەندن، خـــاوەن بیرۆکە و کاری جوانن، کاتێك مەبەستیان شتێك بێ بەئاســـانی و بەحەزەوە کاری بۆ دەکەن، کەسانێك هەن بەهۆی ڕووداو و کارەسات تووشی لەدەســـتدانی بەشێکی جەستەیان بوونەتـــەوە، بەڵام ئـــەوە مانای ئەوە نییە دەست لەژیان بەربدەن و خۆیان بێ ئومێد بکەن. ئەو کچە لەوڵاتی هیندستان دەژی و ناوی (ساندیا)یە تەمەنی (١١) ساڵە، کاتێك لەدایك دەبێ بەبێ دەستە، ئەمەش وادەکات کە ئـــەو کچە وەك مرۆڤێکی ئاســـایی بیر بکاتـــەوە و بژی، هـــەر لەتەمەنـــی بچووکیـــەوە حەزی بەوێنەکێشـــان بووە، بۆیە هەوڵی داوە بەقاچەکانی وێنە بکێشـــێ و توانیویەتی ســـەرکەوتوو بێ، وەك دەبینن چـــۆن بەقاچی وێنە دەکێشـــێ و وابڕیارە کاتێك بەرهەمەکانی زۆربن، پیشانگایەکی تایبەتی بۆ بکرێتەوە.

# ئەستێرەکانی وەرزش بەمنداڵی!

مـــرۆڤ ڕۆژ لەداوی ڕۆژ گۆڕانکاری بەسەر شـــێوە و جەستەیان دێ، لەتەمەنی منداڵی شـــێوەیەکە، تـــا دەگاتە تەمەنی گەنجی، هەیە شـــێوەی تەواو دەگۆڕیت و بەئاســـانی ناناســـرێتەوە، هەیە هەمان شـــێوەی خۆیەتی و لەمنداڵی و گەنجی هەمان شـــێوەی ڕووخســـاری هەیە، تەنیا جەســـتەی دەگۆڕێت، وێنـــە یەکێکە لەو ئەرشیفەی کە ســـاتێك لەتەمەنت دەگرێ و هەڵیدەگـــرێ، بێگومـــان هەموومـــان وێنەمان هەیە لەمنداڵیەوە و کە ســـەیری خۆت دەکەیت، هەندێك جار لەلات ســـەیر بێ یان گاڵتە بەخۆتەوە دەکەی، ئەوانەی لەجیهانـــدا ناســـراون یان کەســـایەتیەکی جیهانین، شـــێوەیان ناســـراوە، بۆیە خەڵك حەز دەکات بزانن شێوەی ئەو کەسانە چۆن بووە لەتەمەنی منداڵی، ئێمەش کۆمەڵێك وێنـــەی یاریزانانمان کـــە زیاتر یاریزانانی یانـــەی ڕیاڵ مەدرید و بەرشـــلۆنەن، بۆ هەڵبـــژاردوون کە زیاتـــر ناوبانگیان هەیە و ناسراون، هەوڵبدەن کەســـەکان بناسنەوە لەوێنەکەدا.




# گرانبەرهـــاترین هاوسەرگیری!




گەنجی ئێمـــە بەقەرز و فـــەرزەوە تاوەکو هاوســـەرگیرییەك پێکدەهێنێ سەری هەموو سپی دەبێ، بەڵام لەلای ئەو برادەرە گەورەترین و گرانبەهاترین پرۆســـەی هاوســـەرگیری ئەنجام دا، لەئاهەنگێکی سەیر و شایستەدا، کە بڕی تێچووی ئەو ئاهەنگە گەیشتە (٣) ملیار دۆلاری ئەمریکی، واتە (٣٠٠٠٠٠) دەفتەر دۆلار! ئەمەش لەهاوسەرگیری کوڕی ســـوڵتانی وڵاتی برۆنای کە دەکەوێتە نزیك وڵاتی مالیزیا ئەنجامی داوە، لەئاهەنگێکی ســـەیر و گـــەورەدا کە چەندین ئەســـتێرەی جیهانی ئامادەی بوون لەوانە: ڕیکی مارتن و جینیفەر لۆپێز، ئەوەی سەیرە کە لەوێنەکەدا دەبینرێن ئەو کورســـیەی ژێر خانمی بووك، لەزێڕ دروســـت کراوە، ئەو شـــوێنە بەکانزی زێڕ و ئەڵماســـەوە بەناوبانگە و دەوڵەمەنترین وڵاتی جیهانە لەو لایەنەوە، ئەوەی ســـەیرتر لەهەموانـــە، هەر کەســـێك ئامـــادەی ئەو ئاهەنگە بوایە، کاتژمێرێکی دروســـتکراوی لەئەڵماسی پێدەبەخشرا.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩


هەرچەندە تۆ ئەو کەسانەت لەبیرکردووە کە تۆیان خۆشدەوێ، بەڵام دڵنیابە ئەوان تۆیان لەیاد نەکردووە. گرنگی زیاتر بەخۆشەویستانت بدە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠



لەکۆڕێك یان گردبوونەویەکی گرنگ بەشداری دەکەی کە دەبێتە جێی گرنگی پێدانێکی باش. بیر و کات سەنگی خۆی دەبێت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



بە بەردەوامی گرفتەکانت بەرەو کۆتایی دەچن باری و دەروونیت تاڕاددەیەك ئارامە، دڵتەنگ مەبە باری داراییت باشتر دەبێت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



خۆت بەشتی بچووك خەریك مەکە، لەبەر ئەوەی بەخت لەگەڵتە خۆشی ڕووت تێدەکات. خەمەکانیشت کەم دەبێتەوە.

## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

بێ ئومێد مەبە، چونکە بەم زووانە دەرفەتێکی ترت بۆ ڕێك دەکەوێ، گەر تۆزێك خۆت ماندو و هیلاك بکەی سەرکەوتن بەدەست دەهێنی.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئەم دوو دڵی و ڕاڕایەت هیچ پێویستی بەپاکانە کردن نییەو ئەم ترسەت لەخۆڕاییە، ئامۆژگاری خێزانەکەت زۆر بەسوود دەبێت بۆت.

# تابلۆ

ئەو تابلۆیە لەلایەن گەورە وێنەکێشی بەریتانی (فریدریك لایتۆن) لەساڵی (١٨٩٥) وێنەی کێشراوە، کە باس لەڕەنگدانەوەی وەرزی هاوین دەکات، ئەمەش لەوێنەی ئافرەتێکی نووستوو، بەشێوەیەکی لەنجە و لارەوە نووستووە لەسەر قەنەفەیەك، کە ئەوەندە خۆی بچووك کردۆتەوە و تەنانەت بەئاستەم جێگەی بۆتەوە.



# یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی گۆڤارێکی کوردیت بۆ دەربچێ

ك ع ا ە و

وەڵامی ژمارەی پێشوو (ڕامان)

# بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دیوەخان) بوو




بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٦) کۆ بکەیتەوە بەمانای (یەکێك بەمنگە منگ قسە بکات، چی پێدەڵێن)
- پیتی خانەکانی (٣+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (خواردنێکی کوردەواریە، لەناو مەشکە ئامادە دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٢+٤) کۆبکەیتەوە بەمانای (ژمارەیەك دوای ژمارە ٨)
- پیتی خانەکانی (٣+٦)کۆ بکەیتەوە بەمانای (ژمارەیەکە، ئەگەر جارانی خۆی بکەیت سەد دەردەچێ)



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

هەوڵ مەدە ڕای خۆت بەسەر کەسانی دەوروبەرت بسەپێنی. لەوانەیە ئەمە زیانت پێبگەیەنێ گلەیی و گازاندەی هاوڕێکانت زیادبێ لەسەرت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

دوو چاوپێکەوتنی گرنگ زۆر شتی چاکی لێدەکەوێتەوەو سوودمەند دەبێت، هەواڵی خۆشت پێدەگات لەبواری سۆزدارییەوە. ئەم هەلە باش بقۆزەوە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە بەبیرکردنەوە لەم زەرەر و زیانانەی کەپێشتر لێتکەوتون تازە ناگەڕێتەوە، هەوڵبدە دەگەیت بە خەونەکانت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

کێشە خێزانیەکەت ئەگەر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، بەم زووانە کۆتایی پێدێت و خۆشی لەدەرگات دەدات.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

ئەنجامی ئەم جموجۆڵەی دواییت ڕوون نییە. بۆیە پێویستە دووبارە هەوڵبدەیتەوە، چونکە ئەمکارە پێویستی بە بەدواداچوون هەیە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

تۆ بەمە بەناوبانگیت کە نهێنیت لای کەس نادرکێنیت. بەڵام ئەمجارە تووشبوویت. کە نهێنیت لای کەسێك درکاند کە جێی باوەڕ نەبوو.



## نوکتە

- دوو تەمەڵ لە حەوشەیەکدا پاڵکەوتوون.
یەکێکیان بەوی تریان دەڵێ: ئەوە تۆ بە چەند دەقە دەگەیتە دەرگای حەوشە؟
ئەویش پاش سەعات و نیوێک جوابی دەداتەوە ودەڵێ : بە پێنج سەعات.
تەمەڵی یەکەم پاش دوو سەعاتی دیکە دەڵێ: ئەھ باوکە ڕۆۆۆۆ فیشەکە ئاوا خێرایە !



| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ■ | | | | | | | | | | ■ |
| ٢ | | ■ | | | | | | | | ■ | |
| ٣ | | | ■ | | | | | | ■ | | |
| ٤ | | | | ■ | | | | ■ | | | |
| ٥ | | | | | ■ | | ■ | | | | |
| ٦ | | | | | | ■ | | | | | |
| ٧ | | | | | ■ | | ■ | | | | |
| ٨ | | | | ■ | | | | ■ | | | |
| ٩ | | | ■ | | | | | | ■ | | |
| ١٠ | | ■ | | | | | | | | ■ | |
| ١١ | ■ | | | | | | | | | | ■ |

ئا: ئیدریس کوردە




### ئاسۆیی:

١- ڕۆمانێکە لە نووسینی (عەرەب شەمۆ)
٢- مانگێکی کوردی یە.
٣- وەکوو یەکن، هێرش- نیوەی (بەلا).
٤- توخمێکە(پ)- سێ پیتی- ئالودە) — داو
٥- بینی(پ)- پێست
٦- ئاسمانی ڕوون- شخارتە
٧- جۆرە ماشینێکی ئەڵمانیە — جۆرە پارەیەکە.
٨- بۆ ڕووناکی یە(پ)- سێ پیتی(بەتاڵ)- دوا(ت).
٩- دوو پیتی (کاغەز)- لەزەریا بچوکتر- نیوەی(نهام).
١٠- وڵاتێکی ئاسیایە.
١١- باڵندەیەکە

### ستوونی:

١- لاوك بێژێکە.
٢- وڵاتێکی ئەوروپی یە(پ).
٣- نیوەی(گەلا)- پاشە ڕۆیەکە(پ)- دوو پیتی(دەرچوون) من (بە ئینگلیزی).
٤- جەستە- بیر(پ)- گەنم.
٥- بەیداغ- فاق
٦- مانگێکی ئینگلیزیە(پ)- ناوچە.
٧- پێغەمبەرێکە- شوێنەوارێکی ئیتالیایە.
٨- میوەیەکە — وەستاو- شاخ(پ).
٩- پێچەوانە- ناوێکی کوڕانە+ پیتێك — نیوەی (یانە).
١٠- دوورگەیەکە لە ئەمەریکا.
١١- دانەوێلەیەکە.

## دیوانە شیعر



**وەفایی شاعیر دەڵێ:**

**سووتام بەنازی فیرقەتێ، ساقی کەرەم کە شەربەتێ**
**وەکو قەقنەس ئاورم کەوتێ، یا غەوسی ثانی هیممەتێ**
**ڕیشەی دڵم بەس پارە کە، موطریب دەستێ بۆ تارەکە**
**بەیادی زولفی یارەکە، یا غەوسی ثانی هیممەتێ**

**س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك**

## پەندی ناوداران

**- ناپلیۆن دەربارەی هەڵە کردن دەڵێ:**

**گەر هەڵەیەکت کرد. دووبارەی مەکەرەوە**
**گەر دووبارەت کردەوە. دانی پێ دا مەنێ**
**گەر دانت پێ دا نا. تکا مەکە**
**گەر تکات کرد. ئیتر مەژی**

